# زۆرداری و گەندەڵی لە کوردستاندا ـ کاریگەرییان لە سەر کەسایەتی کورد

"گەندەڵی و زۆرداری ـ تەواوکەری یەکترن. گەندەڵی، هەر دەبێ زۆردارییەک پارێزگاری لێ بکات و گەندەڵیش هەر دەبێ زۆردارییەک هەبێ پارەی لێ سەرف بکا".
محەمەد قودسی (بیرمەندی میسری)

ئەم بابەتە، بە باشووری کوردستانەوە تایبەتمەندە و باسی ئەوەیە چۆن ئەو جۆرە دەسەڵاتەی ئێستا ڕەفتاری تایبەتی بە سەر هاوڵاتیاندا دەسەپێنێ، جا مەیل و ئاستی فەرمانبەری و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هاوڵاتیان هەرچۆنێ بێ.

گەندەڵی لە بەڕێوەبردندا، واتە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە پێناوی بەرژەوەندی تاکەکەسیدا، جا لە ڕێی بەرتیلەوە بێ یا ڕووتاندنەوە یا فێڵ و دزی. لە حاڵەتی کورددا گەیشتۆتە ئەوەی مرۆڤ بکوژرێ و ئەگەرچی بەڵگەی تاوانەکەش هەبن، هاشای لێ بکرێ. سستەمی گەندەڵی بەو شێوەیە، لە سەرەوە بۆ خوارەوە، خۆی بژێوی خۆی دەدا. گەندەڵی لە لوتکەی هەرەمی حیزبەوە دەستی پێ کردووە و دوای ئەوەی جمگە تایبەتییەکانی گرتۆتەوە، بەرەو جمگەکانی حکوومەتیش کشاوە. بەو شێوەیە سستەمی گەندڵی، لە لووتکەوە بۆ دامێن و لە دامێنەوە بۆ لووتکە، خۆی بژێوی خۆی داوە و هەموو جمگە و گۆشەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئێستای کوردی گرتۆتەوە تا وای لێ هاتووە دامەزراندنی فەڕاشێکی قوتابخانەیەکی ئاسایی بگرێتەوە، کە سستەمی پەنجا بە پەنجا ماوەی بیست ساڵ زیاترە پەیڕەو دەکرێ و ئەم دەسەڵاتە نائاساییە بە ڕێکەوتنی ستراتیجی نێوان پارتی و یەکێتی، تاجیان لە سەر ناوە و هەر بە ڕێکەوتنی نێوان (مام باپیر)ی ڕێگر و مەلای مزگەوتەکە دەچێ، کە تا ئەو قازانجە دابەش بکەن کە مام باپیر بەدەستی دێنێ و مەلا لە خوتبەی هەینیدا لە کاتێکدا مام باپیریش لەگەڵ نوێژکەراندابووە، باسی کردووە. مام باپیر خۆی باداوە و مەلاش گوتوویەتی: خۆبامەدە سیی بزنن، دەی بۆ تۆ بن، بیستیش بۆ من.

لە بارودۆخی کورددا و لە سایەی دەسەڵاتی ڕەهای حیزبی و بنەماڵەییدا بە سەر سەروەت و سامانی کوردستاندا، دەسەڵاتی بنەماڵەیی داهاتی ئابووری و دەرفەتی سیاسی دەگمەن بۆ سوود و دەسەڵاتی خۆیان دۆقۆزنەوە و دەستەی دەسەڵاتیش پێچە بەدەورە بە یاسا دەکا تا ناڕەوایی ڕەوا بکا. بۆ ئەو مەبەستەش کۆمیتە و خەڵکیان بۆ بەربەرەکانەی گەندەڵی داناوە تا خۆڵ لە چاوی ڕای گشتی بکەن ئەوەش لە کاتێکدا ئەوانەی ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییان لە ئرستۆ گرتووە، خۆیان لایەنی هەرە ناهەمواری گەندەڵکارین و بە هونەر و توانای خۆیان لە ملکەچیدا، بۆ بەرژەوەندی تاکەکانی لوتکەی هەرەمی دەسەڵات ڕاستییەکان دەشێوێنن.

بە نەبوونی ڕێکخراوەی بەربەرەکانیکردنی گەندەڵکاری، زەحمەتە خەڵک خۆیان لە بەرپرسە گەندەڵەکان لابدەن و بە پێی یاسای دژە گەندەڵی بەربەرەکانەیان بکەن چونکە هەموو ڕێڕەوەکان داخراون و هاوڵاتی ناچار دەبێ بە ڕێگەی گەندەڵکاریدا تێپەڕێ و لە فەرمانبەری گەندەڵکار بپاڕێتەوە کارەکەی بۆ ئەنجام بدا.

بەهۆی دەسەڵاتی حیزبەوە بە سەر زانکۆ کوردییەکاندا، چی دی زانکۆکان کادری لێهاتووی پیشەیی بۆ کۆمەڵگە و دەوڵەت و کەرتی تایبەتی بەرهەم ناهێنن و لەوەتەی سەربەخۆیی خۆیان لەدەستداوە، خوێندکارەکان بێ ئەوەی شایستە بن یا ئامادە بن، بە بەڵگەنامەوە دەردەچن.

دیاردەی سوودوەرگرتنی تایبەتی و نایاسایی لە ڕێی فەرمانبەرییەوە بەربڵاو بووە و بێ گوێدانە یاسا، فەرمانبەرە باڵا حیزبییەکان کە لە سەرۆکەوە نزیکن، وەک هاوسەر و برازا و خاڵوان، بە هەرزانترین نرخ یا بە زەوتکردن، بوونەتە خاوەنی زەویوزار.

**کە تەماشای تەلەڤزیۆنە ئەهلییەکانی کوردستان دەکەیت، دەبینی لە سای دەسەڵاتی حیزبیدا، کە سەرانی پارتی و یەکێتی دابەشیان کردووە، ئاستی گەندەڵی بە کوێ گەیشتووە. تەشەنەکردنی گەندەڵی بۆتە ئاسانکاری بۆ پشتگوێخستنی هەموو جۆرە یاسایەک، بە یاسای تەندروستی و بەکەڵکبوونی خۆراکەوە. ئەو یاسایەش کە گەندەڵکاری گرتوویەتییەوە پەکی کەوتووە و دەرفەتی دەربازبوونی گومانلێکراوان ئاسان و زیاد دەکا. دووبارەبوونەوەی دەست بەسەرداگرتنی هەزاران تەن لە خۆراک و دەرمانی بێکەڵک و بەسەرچوو لە شارەکانی کوردستاندا ئاستی مەترسییەکانی گەندەڵی لە بوارەکانی تەندروستی و سەلامەتی هاونیشتمانی دەردەخا و بەوەش بەرژەوەندی گشتی دەبێتە قوربانی بەرژەوەندی ئابووری تاکەکەسی.**

**هەندێ لەوانەی سەردانی کوردستانیان کردووە، پێیان ڕاگەیاندم لە دەزگا حکوومەتییەکاندا ڕێزی کات ناگیرێ و بە بیرۆکراتی کاتی خەڵکی بە فیڕۆ دەدرێ و ئەرکەکان پشتگوێ دەخرێن یا بە باشی ئەنجام نادرێن و ئاشنایەتی و خاترگرتن بەربڵاون و بەرتیل و بەکارهێنانی دەسەڵات هەیە و بەرپرسوکان بە لووتبەرزی لە هاوڵاتیان دەڕوانن.**

**ئەم حکوومەتە کوردییەی ئێستا لە هەناوی حیزبی نادیموکراتی کەوتۆتەوە و سروشتی تاکەکەسی و زۆرداری بە سەریدا زاڵە. حیزب دەزگای ئاسایشی هەیە و کوڕی سەرۆک سەرپەرشتی دەکا. کوڕ لە پلەی یەکەمدا بەرژەوەندییەکانی بابی دەپارێزێ و پارەیەکی زۆری وڵات لەو دەزگایە سەرف دەکرێ و (باوک) کە سەرۆکی حیزبە، بڕیار لەسەر سەفکردنی دەدات. نەک پەرلەمان یا حکوومەت. ئەو دەزگایە لە سەر بنەمای ناسیاری و خزمایەتی دامەزراوە و بە توندوتیژی ڕووبەڕووی ئازادییە گشتییەکان دەبێتەوە. بزرکردنی ڕۆژنامەوان و کوشتنی بەرهەڵستکار و سووتاندنی بارەگای حیزبی بەرهەڵستکار و ڕفاندنی هاونیشتمانی و چاندنی جاسووس وەک سەددام حوسێن، لە زۆربەی دامودەزگای کۆمەڵگە و حیزبدا لە شار و شارۆچکەکان و تەنانەت لە گوندە دوورەکانیشدا هەیە.**

**ئەوجا حیزب دەسەڵات دەخاتە سەر هێزەکانی پۆلیس و میلیشیا حیزبییەکان و (چەکداری تیرۆرستی نهێنی)شی بۆ ئەنجامدانی ئەرکی تایبەتی هەیە تا بە دڕ بزاندرێ و هاوڵاتی و بەرهەڵستکار بەرانبەر دەسەڵاتی پیرۆزی سەرۆک بترسێنن!**

**حیزب دەسەتی بە سەر خەزنەی گشتیدا گرتووە و مەعاش دیاری دەکا و خەڵات دابەش دەکا و لە پەرلەمان و حکوومەتدا پلەوپایە دەبەخشێ و حکوومەتیش لە دەرەوەی وڵات سەفیر دادەنێ و لە بەغدا و لە کوردستان وەزیر دادەنێ و هەر کەسێکی بوێ زەوی دەداتێ و بڕیار دەدا کێ گرێبەستی بازرگانی گەورەی هەبێ، جگە لەوەی بنەماڵە دەستی بە سەر کەرەسەکانی گەیاندنی تەلەفۆنیدا گرتووە، وەک کۆڕەک و ئاسیاسێل، هەموو دەزگا ڕاگەیاندنەکانی بیندراو و بیستراو و خوێندراویش بەکاردەبا بۆ ئەوەی نەوەیەکی گوێڕایەڵی وا بەرهەم بێنێ کە گوێ بە کەرامەت و بەها مرۆییەکان نەدا و زیاتر لە ئاژەڵ بچێ و قەبووڵی بێ سەرانی دەسەڵات شوانی بن و شوانیش بە بێ سەگ نابێ و زۆربەی کات شوانەکە بە "سەرۆکی پیرۆز" ناو دەبرێ.**

**بنەماڵەی دەسەڵاتدار، دەستی بە سەر هەموو بوارێکی کارکردندا گرتووە، ئەوەش لە ڕێی دەست بەسەرداگرتنی تەواوی بیرۆکراتییەتی حکوومەت و بەوەش هەر کەسێکیان بەدڵ نەبێ بێبەشی دەکەن. ڕوخسەت دوا دەخەن یا ڕەتی دەکەنەوە یا بەربەست دەخەنە بەردەمی ئەوانەی داوای کار دەکەن لە ئەنجامدا تووشی بێهیوایی دەبن و دەستبەرداری داواکەیان دەبن.**
**عەقڵی هاوڵاتی دووچاری تەلقینی ڕۆژانەی بەردەوام بووە تا دانیشتوان لەگەڵ توندوتیژی "سەرۆکی پیرۆز"دا ڕابێن و وێنەی سەرۆک لە هەموو شوێنێکی بەڕێوەبەرایەتییەکان و دوکانی ساکار و سەرتاشخانەیەکدا هەیە تا بە بیری دانیشتوان بێتەوە کە شەو و ڕۆژ چاودێری دەکرێن.**

پیاوانی "زەعیمی پیرۆز"یش، کە مشەخۆری ڕاگەیاندنی زارەکی و بیندراو و خوێندراوون، لە ڕێی تۆڕی بەربڵاوی ئاسمانی و ڕۆژنامە و گۆڤارەوە لایەنە ناشرینەکانی دەسەڵات جوان دەکەن و ئاماژە دەدەن کە ئاستە مام ناوەندییەکان کە کادری "حیزب" و "زەعیم"ن، گوایە بە باشی لە ڕێنماییە حیکمەتئامێز و دروستەکانی 'زەعیم" تێنەگەیشتوون.

کەرەسە توندوتیژەکانی چاودێری دەبێتە دەستبەسەرداگرتنی گشتی، لە دەستبەسەرداگرتنی جەستەیی و ڕزقەوە بگرە تا دەگاتە حەقڵ و لایەنە دەروونییەکان. ئامانجیش لەوەدا ئەوەیە هاووڵاتی پەریی "بیرکردنەوەی ئازاد" لە دەست بدا یا بە پێی عەقڵی ژێردەستەیی ڕەفتار بکا. کاتێکیش هاووڵاتی ئازادی بیرکردنەوەی لە دەست دا، ئیرادەی ئازادانەی خەباتیش لە دژی زۆرداری و گەندەڵی لە دەست دەدا.

هاونیشتمانی کورد، بە هۆی ملکەچکردنی بیست ساڵەوە بەرانبەر دەسەڵاتی بنەماڵە، کە سستەمی گەندەڵی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بەرهەمهێناوە و پەرەی پێداوە، گۆڕانکاری بنەڕەتی لە کەسایەتیدا ڕوویداوە. گەندەڵکاریش هەر بە تەنها بەشی سەرانی دەسەڵات و منداڵ و خزمەکانیشیان نییە، بەڵکو هەموو لایەنێکی ژیان و چالاکی ئابووری و کۆمەڵایەتیشی گرتۆتەوە لە کۆمەڵگەیەکدا کە تازە لە دەسەڵاتی تاکڕەوی ڕەهای تاوانکاری دەرباز بووە.

هاوڵاتی کوردستانیش  کە دیاردەی دەسەڵاتی گەندەڵکاری  و زۆرداری تاڵانکاری ڕەت دەکاتەوە، لە باشترین حاڵەتیدا پەرواێز خراوە و ئەوەش بەرەو بێدەنگبوون یا تێکەڵبوونی گەندەڵکارییەکی دەبا کە هەموو لایەنێکی دەزگاکانی دەسەڵاتی گرتۆتەوە: یاسایی و جێبەجێکردن و ملکەچکردنی دەسەڵاتی چوارەم "ڕاگەیاندنی حیزبی" لەوەشدا ڕۆژنامەوانی وا بەکاردەبرێن کە قەڵەمیان بە کرێ داوە و ویژدانیان فرۆشتووە، ئەوەش بۆ پارەی زۆر و سەفەر و سەیران. ئەرکەکانیشیان، ئەگەرچی جیاوازیش بێ بەڵام هەر جوانکردنی سیمای دەسەڵات و ناشرینکردنی بەرهەڵستکارە.

تەنانەت ئەگەر واش دانێین کە "سەرۆکی پیرۆز" ڕۆیشت و ناگەڕێتەوە، وەک بۆ نموونە (زەینلعابدین بن عەلی) کێشەی گەندەڵی بە بێ چارەسەر دەمێنێتەوە چونکە کەرەسەکانی گەندەڵی سەردەمی دەسەڵاتی ڕاکردووەکان لە ترسی یاسا، لە ناو دامودەزگاکانی حکوومەتدا ماون و شوێنە گرنگەکانی وەک دادگا و یاسایی و جێبەجێکردن پڕ دەکەنەوە و پاککردنەوەیان پێویستی بە هەوڵی بەردەوام و ورد و توند هەیە تا ئەو دەزگایانە ببنەوە جێی باوەڕ. تەنانەت دوای ڕۆیشتنی سەری گەندەڵکاریش، مەترسی گەڕانەوەی گەندەڵی و زۆرداری بە دروشمی نیشتمانپەروەرانەی گونجاوەوە دەکرێ. لەبەر ئەوە، چارەسەر پاککردنەوەی سەرتاسەرییە لە پیاوانی دەسەڵاتی لەناوچوو و ڕیگرتنی گەڕانەوەیانە بە هەر ناوێکەوە بێ.

زۆربەی چاودێرانی گەندڵکارییە ڕەگداکوتاوە حیزبییەکان لە کوردستاندا سەرنج دەدەن کە یەکڕیزی لە سەرانی دەسەڵاتی بۆگەندا هەیە و هەر یەکەیان پارێزگاری لەوی تریان دەکا و لە سەر یەک هەڵوێستی هاوئاوازدا بەرانبەر بەرهەڵستکاری نەیاری گەندەڵیدا کۆکن و لە پێداهەڵدانی "سەرۆکی پیرۆز"دا هاوران چونکە بەرژەوەندییەکانیان لە مانەوەی سەرۆکدایە کە مافی دزیکردن و دەوڵەمەندبوونی پێ داوون و پارێزگارییان لێ دەکا و بە بێ شایستەیی پلەوپایەیان پێ دەبەخشێ و لەناوچوونی دەبێتە هۆکار بۆ لێدانی بەرژەوەندییەکانیان. لەبەر ئەوە بەرگریکردنی توند و بەردەوامیان لە سەرۆکی پیرۆز، بەرگریکردنە لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان.
بارودۆخی کورد لە بواری زۆرداری و گەندەڵیدا، لە بارودۆخێکی تایبەتیدا بەرجەستە بووە و نموونەش دەستگرتنە بە سەر شارێکی تەواوی وەک "سەلاحەددین"دا بە خانوو و زەوییەوە و لەوێوە حوکمی هەولێری پایتە خت دەکرێ نەک بە پێچەوانەوە.

کاتێ زۆرینەی گەل باوەڕ دێنێ کە گەندەڵی و دەسەڵاتی ڕەها لە وڵاتدا ڕەگیان داکوتاوە، هاوڵاتی دەپرسێ: چارەسەر چییە؟ ئایە بێدەنگ بێ؟ بەرانبەری لێ بگرێ؟ ئەی چۆن

بەرانبەری ببێتەوە؟ چۆن سستەمی کاری هاوبەش پێکبێنین و بە سەر ئەو گیانی تاکڕەوییەدا زاڵ بین کە دەسەڵاتی زۆردار و گەندەڵ لە ناخی کۆمەڵگەدا چاندوویەتی؟
گیانی تاکڕەوی تاکەکان لە کۆمەڵگە دادەبڕێ و وزە بە دەسەڵاتی گەندەڵ دەدا و تاک و کۆمەڵگە بەرانبەر دەسەڵات لاواز دەکا. تاکی کۆمەڵگە بە دابڕاوی لە بەرژەوەندی کۆمەڵگە بەها باڵاکان، بیر لە خۆی و بەرژەوەندی خێزانەکەی دەکاتەوە. ئەوەش ڕاستەوخۆ لە خزمەتی دەسەڵاتی زۆرداری و گەندەڵیدایە. پێویستە بەرانبەر بەمە، گیانی کۆمەڵکاری گەشە بکا. ئەوەی بن عەلی و موبارەکی ڕووخاند، گیانی کۆمەڵکاری یەکگرتووی وشیار بوو. سەرکەوتن بە سەر دەسەڵاتی گەندەڵدا بەشداری جەماوەری دەوێ دەنا گەندەڵی بەردەوام دەبێ. گەلی میسر بەرانبەر گەندەڵی و زۆرداری دەسەڵاتی موبارەک بە پشوو بوو بۆیە دەسەڵاتەکەش ماوەی سیی ساڵ زیاتر مایەوە، بەڵام کە پشووی نەما بە بڕیارەوە ڕاپەڕی و ڕووخاندی.

ئاشکرایە هەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتی مێژوویی کۆمەڵگەی کورد، وەک "تاکڕەوی" و "ئینتیهازیەت" و "توندوتیژی" و لاوازی ڕۆشنبیری بەرەنگاربوونەوەی زۆرداری، ڕەگداکوتاوون بە تایبەتی لە ناو ڕۆشنبیرانی کورددا بەربڵاوون و لە بەردەم تێکۆشانی جەماوەری هاوبەشدا بەربەستن. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ڕۆشنبیر لە کوردستان و دەرەوەدا هەن کە لە دیاردەی زۆرداری و گەندەڵی دەسەڵات بێزارن، بەڵام لەبەر ئەوەی تاکن ـ ئەگەر هەمووشیان بلیمەت بن ـ چ مەترسییەک بۆ دەسەڵاتی گەندەڵی کوردی پێکناهێنن.
هۆکاریش ئەوەیە گەلی کورد تاقیکردنەوەی لە ململانێی دەسەڵاتی بێگانەدا نییە ـ  بەڵکو بەرانبەر زۆرداره ناوچەییەکانی خۆیان هەیانە.

لە مێژووی نوێی کورددا شۆڕشێکی ناوخۆیی کورد نەبووە ویستبێتی دەسەڵاتێکی زۆردار و گەندەڵی کوردی بڕووخێنێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ملکەچی دەبینین بۆ دەسەڵاتی دەرەبەگی کوردی کە زەلیلی کردووە و دەستی لێ بەرداوە وەک ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٥دا ڕوویدا و دواتر شەڕی دەسەڵاتی ١٩٩٣ ـ ١٩٩٧ کە ساڵانی گەندەڵکاریی شەرمهێنەری بە دوادا هاتن. ملکەچی بۆ شکستخواردوو و سوودمەندی سەرانی حیزبەکان کە بازرگانی بە مەسەلەی کوردەوە دەکەن دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشە و نیشانەی کەموکورتییەکی ترسناکە لە ڕۆشنبیری بەرگری نیشتمانی کوردیدا.

ئەو نموونەیەشی لە ناو خەڵکدا پەرەی سەند بازرگانێکە و دەسەڵاتی سیاسی بۆ کۆکردنەوەی پارە بەکار هێناوە و بە بێ ماندووبوون دەوڵەمەند بووە. (بزنسمانێکی کورد لە شێوەی بنەماڵەی دەسەڵاتدار) کە قاتی جوانی ئەوروپی دەپۆشێ و بۆینباغی ڕەنگاوڕەنگی جوان لە مل دەکا و دوامۆدێلی ئۆتۆمبیلی هاوردەی ئەوروپا یا ژاپۆن داژوێ و لەو ڤیللایانەدا دەژێ کە لە وڵاتانی خەلیج یا لە ئەوروپا و ئەمەریکا کڕیویەتی، لاوانی بنەماڵە بوونەتە نموونە و چاویان لێ دەکرێ. واتە مرۆ لە کورتترین کاتدا و بە بێ ماندووبوون، لە دەرەوەی شەرعییەتدا ببێتە ملیۆنێر.
ڕۆڵی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی بەرهەڵستکاران لە سلێمانی و ڕۆڵی ڕۆژنامە ئەهلییەکان لە ئاشکراکردنی گەندەڵی و خراپەکارییەکانی دەسەڵاتی کوردی جێی ڕێزن، بەڵام ڕووداوەکان سەلماندیان کە لەو ئاستەدا نین ڕۆڵەکانی کوردستان هیوایان لە سەر هەڵچنیبن.

ستراتیژییەتی بەرهەڵستکار پابەندی ناوچەگەری یا حیزبایەتی تەسکە. لە کاتێکدا دەسەڵاتی کوردی کە باوەڕپێکردنی لە دەستداوە ئاماژەی گفتوگۆیان بۆ دەکا و ئامادەیی بۆ چاکەکاری دەردەبڕێ، خاو دەبنەوە. ئەوەش ئەو گومانەی لای زۆر کەس دروست کردووە کە بڕیاری بەرهەڵستکار بۆ گۆڕانکاری لە جەوهەری دەسەڵات لە کوردستاندا، کەموکورتی تێدایە و هەتا ڕۆژی ئەمڕۆش بەرهەڵستکاری حیزبی بە باشی لە جەوهەری ئەم دەسەڵاتە نەگەیشتووە و نازانن کە دەسەڵات بۆ مانەوەی خۆی چەپەڵترین کەرەسەش بەکار دێنێ.

هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە دەتوانێ گۆڕانکاری قووڵی دیموکراسی بەدی بێنێ نەک ڕێکەوتن لەگەڵ دەسەڵاتێکدا کە لە سەر بنەمای بنەماڵەیی زۆرداری و بە لۆژیکی ئاغایەتی و

**بنەمای درۆ و تۆڵە و تەزویر و توندوتیژی هەڵچندرابێ و پەرەی سەندبێ و بەهێز  بووبێ و لە سەر ئاوازی دیموکراسی و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ گەمە بکات.**

**وزەی شۆڕشگێڕی مەزن لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا هەیە کە تا ئێستا بۆ شەڕی پاشەڕۆژ ڕێکنەخراوە و بە شێوەیەکی دروست بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵگەی کوردستان سوودی لێ نەبیندراوە. ئەگەرچی دەسەڵاتی بۆگەن هەوڵ دەدا لە ڕێگەی بەرتیل و پلەوپایە و بەهەدەردانی سامانی گشتی ویژدانی خەڵک بکڕێ یا بە لای کەمەوە بێلایەنیان بکا بەڵام زۆر خەڵکی ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕ بێلایەن ماونەتەوە و بۆ دەسەڵاتی گەندەڵکار سەریان نەوی نەکردووە. ئەوانە هیوای پاشەڕۆژی گەلی کوردستانن، بەڵام هەر تاکێک لەوانە، لە سەریەتی لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا کەمێ لە تاکڕەوی بێتە خوارێ، ئەگەر نەتوانێ دەستبەرداری هەموو تاکڕەوییەکەشی بێ.**

**هەنگاوی گرنگ، بە دیاریکردنی ئامانجی هاوبەش دەست پێدەکات کە وزە و دینامیکی جەماوەر کۆدەکاتەوە، ئەوەش ''کۆتایی بۆ گەندەڵکاری و زۆرداری''یە لە کوردستاندا و بنیاتنانی بەڕێوەبەرایەتییەکی سەردەمیانەیە لە سەر بنەمای دادپەروەری و سەروەری یاسا و هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکان بەو دروشمە ناوبراوە لە بزووتنەوەیەکی سیاسی جەماوەری نوێدا یەک دەگرن و لە ناوخۆی کوردستان و دەرەوە تەوژم بۆ سەر دەسەڵات دەبەن. لە ناو خودی حیزبە دەسەڵاتدارەکان و دەرەوەیاندا فشار دەخرێتە سەریان. ئەو کارە دەزگاکانی پۆلیس و پێشمەرگە و دەزگای ئاسایشی حیزبیش دەگرێتەوە. ئەوانەی سەرپەرشتی ڕاپەڕینەکانی میسر و توونسیان کرد، لە ڕووی ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆژی و ئاینییەوە خەڵکانێکی ناهەماهەنگ بوون  و چ سەرکردەیەکیان دەستنیشان نەکردبوو تا سەرپەرشتییان بکا، بەڵکو لە ئامانجی ئەو دەمەدا یەکگرتوو بوون، ئەوەش لە توونس ''بن عەلی لاکەوە!'' و لە میسریش ''گۆڕینی دەسەڵات'' و ''ڕووخانی موبارەک'' بوو.**

**کاتی ئەوە هاتووە  وزە جەماوەرییەکانمان لە پشتی ''بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی تازە''دا  کۆکەینەوە و ئەو جەماوەرە بە هیچ یەکێ لە سەرکردە تەقلیدییە ڕاڕاکان و ڕێکخراوە ناوچەییەکان وابەستە نەبێ و گۆڕانکاری تەنها بە پشتبەستن بە جەماوەری ڕاپەڕیوی هۆشیار دەکرێ کە ئاشنای کەلەپووری خۆی و بەرپرسیارەتی مێژوویی خۆی بێ و ستراتیژی ناتوندوتیژ بەرانبەر بەرگریکاران بگرێتە بەر و کەرەسە تازەکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندن بەکار بێنێ.**

**ئەیووب بارزانی**
**٢٠١٢/٣/٨**

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: حەمەلاو**